# ئەو دامودەزگایانەی کە پێویستن لە هەرێم دەبمەزرێنرێن ئەندازیار نەریمان محمد گەلاڵی

۲ تەلــەفزیۆنــی زانیـــــاری



بۆ بە رزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری تاکی کورد و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری زانستی لە هەرێمی کوردستان، ئەمرۆ ئێمە پێویستیمان بە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی هەیە کە لەهەموو کوردستان وەربگیرێت و تەنها گرنگی بدات بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەی زانستی و زانیاری لەهەموو بوار و بەشەکانی زانیاری و تەکنەلۆجیا. بۆئەو مەبەستە دەکرێت دەزگایەکی وەرگێران و دۆبلاج و پێداویستیە هونەریەکانی تری بۆ دابنرێت تا ئەو فلیم و رێپۆرتاژە زانیاریانەی کە چەندان کۆمپانیای جیهانی دەریدەهێنن بە شێوەیەکی یاسایی وەربگێردرێتە سەر زمانی شیرینی کوردی و قوتابی و مامۆستاو خەڵکی ئاساییش کەڵکی لێوەربگرن. جگە لەمانە سەدان فلیم هەن لەسەر پێشخستنی پەروەردەیی و رێگاکانی چارەسەری بۆ دەیان کێشەو گرفیی کۆمەڵایەتی. هەروەها دەیان بەرنامەی هەمە چەشنەی زانیاری هەن کە چاوپێکەوتن لەگەڵ زانا ناودارەکانی بوارەکانی زانیاری دەکات هەروەها پیشاندان و باسکردن و خوێندنەوەی سەداها نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستی لە گۆڤاروبڵاوکراوە ئەکادیمیەکانی جیهان ئەمە جگە لە سەدەها فلیم لەسەر کارکردنی مەکینە و کارگە هەمەچەشنەکان کە تیایاندا باس لە چۆنیەتی دروستکردن و وەبەر هێنانی بەرهەمەکان دەکرێت. هەروەها باسکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی هەموو کۆنگرە زانستیەکانی (الموتمرات الدولیە) ناوخۆیی و دەرەوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ پسپۆرەکانی بوارە جیاجیاکان لە ناوەو لەدەرەوەی هەرێم و هەوڵدان بۆ روونکردنەوەی زانستی لەسەر هەموو ئەو دیاردە هەڵانەی کە لەناو کۆمەڵی کوردەوایدا هەن و بایەخ بدات بە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری لەسەر نەخۆشیەکان و رێگاکانی خۆپاراستن لەگەڵ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و ئاگایی (وعی) سێکسی (جنسی) کە لەو رووەوە کەموکورتیەکی یاکجار زۆرمان هەیەو زۆر کەمن ئەوکەسانەی بەتەواوی لە کارو کۆئەندامی زاوزێ شارەزایی راستیان هەیە.

دەکریت بکرێتە سەکۆیەک بۆ ئاگادار کردنەوەی قوتابیانی کورد لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنی (منحە) کان بۆ خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی جیهان. دەشکرێت کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە دەرسەکانی قوتابخانە بەرێگەیەکی جوان شیتەڵ و دووبارە بکاتەوەو سەردانی ئەو پیشانگایانە بکات کە ساڵانە زانکۆکان و قوتابخاناکان و (مەرکەزەکانی چاودێری زانیاری / ئەگەر مابن!!) ئەنجامیان دەدەن. دەکرێت هەموو ئاگاداریەکی رۆشنبیری گشتی لە بارەی کەش و هەوا و باشترین شێوازی بەکارهێنانی کارەباو ئاو و پاراستنی ژینگەو خۆشەویستی بۆ سەوزایی و دارودرەخت تێدا بڵاوبکرێتەوە. هەروەها رۆشنایی بداتە جووتیارەکانمان لەسەر باشترین شێوازی چاندن و پەروەردەی ئاژەڵ و پەلەوەران لەگەڵ ئەو ئامێرە نوێیانەی کە لەو بوارە دروستکراون. خەڵک ئاشنا کات بە مەرجەکانی بیناسازی مۆدێرن لە هەرێم و زانیاری بدات لەسەر پێشکەتنی تەلارسازی لە جیهان. دەوریشی هەبێت لە ناساندنی ماددە و هۆکارەکانی نوێی بیناسازی. شتی جوان بە

خەڵکەکە نیشان بدرێت تاکوو چاوی بکرێتەوە و خولیای شتی جوان بێت بە تایبەتی لەسەر شارستانی وولاتانی ئەوروپا. سەرەڕای ئەمانە دەکرێت ڕۆڵی پە یمانگایەک ببینێ بۆ فێرکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و بەرنامە کۆمپیوتەریەکان و هەرچی نوێیە لەو بوارە بەرفراوانە. سەرەڕای ئەوانە هەموو دەکرێت لە ڕێگەی بەرنامەی تایبەتیەوە باشترین مەنهەجی پەروەردەیی بۆ مامۆستاو پەروەردەکارانی باخچەی ساوایان دابنرێت تا بتوانین نەوەی نوێ بە شێوەیەکی ڕاست پەروەردە بکە ین. لەکۆتاییدا دەڵێم دە زگامان هەیە بەناوی زانیاری بەڵام بۆ سانسۆر!! تەلەفزیۆنیشمان زۆرن بەڵام بۆ سیاسەت و پروپاگەندە!! دەبا بە دانانی ئەو تەلەفزیۆنە پەنجەرەیەک بکەینەوە کە لێیەوە دونیایەکی پێشکەوتوو ببینین و بەرنامەکانی ببن بە هەوێن بۆ جۆشدانی مێشکی لاوان... . بۆ ئایندەیەکی گەش و ڕووناک.